# شرۆڤەکردنی شێوە لە کاری هونەریدا

تەها ئەحمەد ڕەسووڵ
(سلێمانی)

چەندە بمانەوێت بەدوای شتێکدا بگەڕێین کە هیچ شێوە و فـۆرمـێکی دیاریکراوی نەبێت ئەو کـردەیە دەبێـتـە هەوڵدانێکی مەحاڵ و ناتوانین خۆمان لە شێوەکان قوتار بکەین، بمانەوێت شـتـێکی بێ شـێـوە و (ناشـێـوەیەک) دەستنیشـان بکەین دەکەوینە ئەودیو بوونەوە و لە هەست و بیـرکـردنەوە دەترازێین، ڕووبەرێکی سـپی، یان هەر ڕەنگێکی تر کە هیچ شێوە و فۆرمێک بەخۆوە نەبینێت، واتە تەنیا لە ڕووبەرێکیشدا دیسانەوە مەحکوومین بە شـێـوە و دەکـرێت بڵـێین شـێـوەیەک دەبینینەوە، ئەو ئامـادەکـارییـەی بۆ تابلۆیەک دەیکەین و ڕووبەری قوماشێک دەکەین بە چوارچێوەیەکی تەختەوە، شێوە و قـەبارەی ئەو پانتـاییـە دەبێـتـەوە شێـوەیەکی دیاریکراو، تـەنـانـەت ئـەو ڕووبـەرە پـاک و دەسـت لـێ نـەدراوەش شێوەیەک پێشکەش دەکات، کەواتە دەربازبوون لە شێوە کارێکی مومکین نییە و ئێمە بە جیهانی فۆرم و شێوەوە مەحکوومین و هەر کاتێک کارێکی هونەریشمان بینی، شـێــوە دەکـەینەوە سـەرچاوە بۆ بەشـداریکردنمان لەو تابلۆیەشدا کە تەنیا ڕەنگ و هێڵ خولقاندوویەتی و هیچ شێوەیەکی هەست پێکراویشی بەرهەم نەهێنابێت.

درککردنی شێوە لەخۆیدا گەیشتنە بە جوانی، بەڵکو جوانییە، ئەوەش پێویستی بە ئاگاداری و وردبوونەوەیە، شێوەیە کە پێزانینمان ئاراستە دەکات و ڕێکخستنی پێ دەبەخـشـێ، بەبێ ئەویش چێـژکـردنی جـوانی کـارێکی ئەستەم و مەحاڵە، فۆرم هێزی کێشکردنی ڕەگەزەکانی زیاتر دەکات کـە لێـیـان پێکهـاتووە و ئەو ڕەگـەزانەش پێکەوە پێـوەری بەخـشـینی کـردەیەکن کـە دەتوانین بە بەهای ئێستێتیکی ناوی بهێنین.

ڕەگەز و پێکهاتەکانی کارێکی هونەری کە کارەکەیان بەرهەمهێناوە پێوەندییەکی توندوتۆڵیان پێکەوە هەیە و



**جۆن دیوی**

چ ڕێگەیەکیان نییە، تا لێکتر جیابنەوە، ئەوەش لە پێوەندیی پەیوەستبوونی ماتریاڵەکانەوە بە وێنەکەوە، وەختێ وێنە، یان شێوەیەکیش شرۆڤە دەکەین، ناتوانین لەو ڕەگەزانەی دابڕین کە هەموو پێکهاتەکانیەتی و دەبنە (ماتریاڵ، گوزارشت، ناوەرۆک)، تەنیا لە زەیندا نەبێ، یان لە میانی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیدا.

بە دەربڕینەکەی (جۆن دیوی) وێنە بەمانای ئاماژەدان بە شێوازی دیاریکراوی ڕوانین بۆ شتەکان و هەستکردنیان، ماتریاڵیش وەک تاقیکردنەوە بەو چەشنەیە ئامادەباشی هەبێت تا ببێتە کاریگەر و ڕەگەزێک بۆ بنیادنانی ئەزموونێکی نوێ. وێنە، یان (شێوە) وەک (هێربرت ڕید) ڕایدەگەیەنێ، ئەو فۆرمەیە کە کارەکە خەملاندوویەتی، ئیدی گرنگ نییە ئەوە کارێکی هونەری بێت، یان پەیکەرێک و وێنەیەکی فۆتۆگرافی، هەموو شتێک لەمانە دەکارن شێوەی تایبەتی پێکبێنن، ئەو فۆرمەی دەبێتە زمانی بوونیان، یان هەبوونیان لە داهێنراوی هونەرمەندە کە فۆرمێک دەخاتە سەر شتێک، هونەرمەند تەنیا ئەو کەسە نییە کە نیگارێک دەکێشێ، یان پەیکەرێک دەتاشێ و گڵێنەیەک دروست دەکات، بەڵکو دەکرێت ئەوانەش هونەرمەند بن کە پێڵاوێک دروست دەکەن و بەرگێک دەدوورن، ئەمەش دەمانباتەوە سەر تێڕوانینی گریکییە کۆنەکان کە پێیان وابوو هونەر ئیزافەکردنی وێنەیەکە بۆ شتەکان، یان دروستکردنی شتگەلێکە هەرچۆنێک بن بە وتەکەی (جیروم ستۆلینز) کە پێی وایە شێوە بەهای دەروونی و ڕوحی هونەرە و سیما و ئەدگاریەتی، فۆرم ئاڵۆزییەکان ڕووندەکاتەوە و دەوڵەمەندیان دەکات و بنیادی ڕەگەزەکان کۆدەکاتەوە بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی هونەری.

ئەو ڕەگەزانەی هونەرمەندێک بەکاریان دەهێنێ بەشێوەیەک ڕێکیان دەخات کە بەهایەکی هونەریی قووڵ ببەخشن، شێوە خەسڵەتی گشتگیری بە کاری هونەری دەدات و بەرەو کامڵبوونی خودی دەڕوات، هەروەک ئەوەی ببێتە جیهانێکی سەربەخۆ، شێوە، یان وێنە لە زمانی شێوە و جۆر و خەسڵەتدا لە بنەڕەتدا شێوەیەکی ئەندازەییە و لە دوورییەکان پێکهاتووە، فەیلەسووفانی ماتریاڵی بەو بینراوانە دەڵێن ئەو خەسڵەتانەی شتەکان هەیانە و ئەگەر لە دەرەوە بن، واتە ڕواڵەت دەگەیەنن و دیوی دەرەوەیان پیشان دەدەن و هەموو ئەو شتانەش بە بیردا ڕەت دەبن دەبنە وێنەی زیهنی کە لە یادەوەری و ئەمباری مێشکدا وێنەیان گرتووە.

هێربرت ڕید وای دەبینێ، تەنانەت فەرهەنگیش مانایەکی شێوەیی لەخۆدەگرێت، بەو پێیەی وێنەیەکە بۆ ڕێکخستنی شتەکان، لایەنێکی بینراو بەخۆوە دەبینێ، کاری هونەری لەو شتە تێناپەڕێت کە شێوەیەکی هەیە و بەشە و یەکەکانی ڕێکخراون و بینراوێک پێشکەش دەکەن، هەر کاتێک وێنەیەک بێتە پێش چاومان شتێک دەبینینەوە، ئەگەر دوو بەش، یان زیاتر پێکەوە گردببنەوە هەوڵدەدەن پێکهاتەیەکی بینراو بە ڕواڵەتیان ببەخشن بۆ دیاریکردنی وێنە و شێوە تایبەتییەکەیان. ڕید لای وایە شێوە تەنیا بەوەوە ناوەستێتەوە کە واتای ڕێکخستن و هاوسەنگی و هەر جۆرە هاوسەنگییەکی جێگیر بەدەستەوە بدات، ئێمە کە باس لە شێوەی وەرزشوانێک دەکەین تەواو ئەو شێوەیە دەگەیەنین و لەبارەی شێوەی کارێکی هونەرییەوە دەدوێین، لە دیدی (کانت)ـەوە شێوە کاری هونەری دیاری دەکات و دەیگەیەنێ، کاری هونەرییش یەکێتییەکی سروشتی ناکۆتای ناوەکییە کە گشتێک دادەمەزرێنێ، ئەو خەسڵەتانەی کە هەیەتی وا دەکات سەربەستی بەدەست بێنێ و خۆی لە شتەکانی دیکە جودا بکاتەوە، ئەو خاسیەتانەش سەربەخۆ و

جیاوازن لە ناوەرۆک و جوانی دەورووژێنن، ئەگەر ڕید نکوڵی لە واتای شێوە بکات کە مانای ڕێکخستن و هاوسەنگی بگرێتە خۆی، ئەوە (جیرۆم ستۆلنیز) پێی وایە شێوە چوار واتای سەرەکی هەیە کە بەربڵاوی لەخۆدەگرن و ئەمانەن:

**واتای یەکەم:** ڕێکخستنی ڕەگەزە هاوبەشەکان کە تابلۆکە لەخۆی گرتووە، پاشان پەیوەستبوونیان بۆ یەکتری لەنێویاندا، ڕەگەزەکان لە هێڵ و ڕەنگ و...تاد پێکهاتوون، شێوە، یان وێنەکەیان ئەو شێوازەیە کە ڕەگەزەکان شوێنگەی خۆیان لە گشتگیری کارەکەدا جێگیر کردووە، بەمانای شوێنگەیان لە بەرانبەر یەکتری و کارلێکی هەریەکەیان بۆ ئەوی تر، ستۆلینز بەمە دەڵێت پێناسەی گشتی و هیچ زانیارییەکی ئەوتۆمان ناداتێ و لەگەڵ وەسفەکەی (کۆلرێج)دا کە دەربارەی شیعر وتوویەتی چوونیەک دەبێتەوە (کە وشەی باشە لە سیستمێکی باشدا)، واتە وەک بەرگێکی ئاڵووالا کە هەموو شتەکان دادەپۆشێ و شیاوە بۆیان، ئەمەش بێجگە لە پێناسەیەک زیاتر شۆڕنابێتەوە، هەر بۆیە پێویستە بۆ مانای دووەم بچین.

**واتای دووەم:** شێوە بەرەو ڕێکخستنی ئاماژەیەکی دەربڕینخوازی دەکشێت، ڕێکخستنی گوزارشت تەنیا مەبەست لە ئاماژەیەکی هزری بۆ کارێکی هونەری نییە، بەڵکو یەکێتیش بە کارەکە دەبەخشێت.

**واتای سێیەم:** زۆرینەی کات چەمکی شێوە هێما و ئاماژەیەکە بۆ جۆرێکی دیاریکراوی ڕێکخستن، واتە لەو ڕەگەزانەی کە لێیان پێکهاتووە، ئەمەش بە مانا زانراو و باوەکەی.

**واتای چوارەم:** لای وایە بەکارهێنانی وشەی (شێوە) لە هەندێ کاتدا شتێک لە چاکە و پێداهەڵدانی تێدایە، یان بەپێچەوانەوە، وەختێ دەوترێت ئەو شێوەیە باشە، یان چاکە، یان ئەو تابلۆیە چ شێوەیەکی نییە، ئەو واتایە ناکرێت لە شیکردنەوە و شرۆڤەیەکی هونەرییانەدا بەکار بهێنرێت، چونکە ناتوانین بڕیاری فۆرمی باش و خراپ بدەین ئەو دەمە نەبێت کە بزانین شێوە چییە.

ئەگەر ستۆلینز وەها ببینێ کە پێویست بێت بزانین شێوە چییە، بەرلەوەی دەربارەی شێوەی باش و خراپ قسە بکەین، ئەوە ڕید بۆ ئەوە مەرج دادەنێت تا ببێتە پێودانگ بۆ باشی و خراپی شێوەکان، بەوەش ڕێگە خۆش دەبێت کە نەک هەستێک بەتەنیا لە یەک کاتدا، بەڵکو بۆ دوو هەست و زیاتر کە پێکەوە بکەونە کار و دواجار بگەڕێنەوە بۆ مەڵبەندی ئەمبارکراومان کە ئەقڵ و ئاوەزمانە، پێدەچێت ئەو مەرجانەش تەنیا مەرجی باشی شێوەکان نەبن، بەڵکو ببنە مەرجی کاری هونەریی باش و ڕەگەزەکانی کار بکەنە سەر بینەر و چێژی هونەری ببەخشن و چەندان ڕەهەندی دیکەیان لێ بکەوێتەوە. کاری هونەری وەختێک ڕەهەندی جوانیی دەبەخشن و کارمان تێدەکەن، بەمانای جەختکردنە لە تەنیا بەهای ڕواڵەتی تابلۆکان و لامان وایە ئیدی مەرجی ئەوتۆی باشییەکانن کە ئەمەش هەموو شتێک ناگەیەنێت، چونکە ئەگەر تابلۆکان بەهای جوانییان تەنیا لەو خەسڵەتەوە دەستگیر کردبێ، بێ گومان وەستاو و هەناو سارد دەبن، لەبەر ئەوەی بۆ زیندوێتی و دیالۆگ لەگەڵ هەستەکانی دیکەماندا نەپەڕیونەتەوە. (کروچە) لەسەر گرنگی شێوە دەڵێت: شاعیر و نیگارکێش وەختێ شێوە بیمەیان دەکات و شێوە لەدەست بدەن هەموو شتێک لەکیس دەدەن، بەڵکو لەکیسدانی خۆشیان دەگەیەنێ، وەلێ ئەمە بەو واتایەیە کە شێوە ئیدی هەموو شتێکە؟!

(ئارنست فیشەر) دەڵێت: لە ڕۆژگاری ئەرستۆوە کە بۆ یەکەمین جار ئەو مەسەلەیە خرایە ڕوو، چەندە وەڵامێکی هەڵەی دایەوە هێندەش بەتوانست بوو، لەو کاتەوە زۆرینەی فەیلەسووف و هونەرمەندان ڕای خۆیان لەبارەوە دەربڕیووە و وای دەبینن کە شێوە لایەنێکی گەوهەرییە لە هونەردا، لایەنی باڵا و ڕوحییە، بیرمەندەکان وای دەبینن کە شێوەی پوخت و ڕەسەن گەوهەری واقیعە، ئەگەر پاڵنەرێکیش هەبێت ئەوە هەموو شێوەی ماتریاڵەکان لە شێوەیەکدا بەرەو توانەوە دەبات، بەمانای بەرەو وەرچەرخانیان دەبات تا ببنە شێوە و فۆرمەلە ببن، بەوەش کامڵبوونی شێوە دێتە کایەوە، هەروەها کامڵبوونی خۆیشی، ئەوەی لە جیهاندا هەیە ئاوێتەیەکن لە شێوە و ماتریاڵ، چەندە شێوە زاڵ ببێ و ماتریاڵ ڕۆبچێت پلەی کامڵبوونی بەرز دەبێتەوە، بەمەش بیرکاری و ماتماتیک لە هەموو زانستەکانی دیکە کامڵترە، چونکە شێوە تێیدا بووەتە ناوەرۆکی خۆی، ئەوان وەها لە شێوە دەڕوانن وەک (ئەفلاتوون) کە بیرۆکەیەک بێت، شتێکی بنەڕەتی و سەرەکی کە ماتریاڵەکان بیانەوێت بچنە هەناویەوە، بەواتای بوونێکی ڕوحی کە ماتریاڵەکان کۆنترۆڵ بکات. یەکێک لەوانەی کاری گڵێنە دەکات لەمەڕ ئەزموونەکەی خۆیەوە دەڵێت: سەرەتا من شێوەیەک دروست دەکەم،



**هێربرت رید**

پاشان تەنێکی گڵێنەی خاڵی لە شێوەی تێدەکەم.

سەرباری دروستی بیروڕاکەی (فیشەر) بەگشتی، وەڵێ لە لایەنەکانییەوە ورد نەبووە، ئەو وتەیەی دەڵێ کە وێنە و شێوە لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە بەسەر هونەردا زاڵبوون توندییەکی زۆری تێدایە، چونکە هونەر لە دیدی ئەفلاتوونەوە لە دیدگایەکی سیاسی و مۆراڵییەوە بووە، ئەوەش وای کردووە کە ناوەڕۆک بەسەر شێوەدا زاڵ ببێ، هەمان شتیش لە چاخەکانی ناوەڕاستەوە بوونی هەیە کە بەشێوەیەکی گشتی ئایین دەکاتە بنەڕەتێکی گەوهەری بۆ هونەر تا سەردەمی ڕێنیسانس سەرهەڵدەدات و یاخیبوون لە بیروباوەڕە باوەکان دێتە بەری مەیدان، گەڕانەوە بۆ هونەری گریکی لە هەندێ کاتدا لە سەردەمی هاوچەرخەوە کراوە بۆ ئەوەی بەهەند وەرگرتنی هونەر بکاتە ئامانج، هەروەک کێشەی شێوە لە کانتەوە بۆ شیلەر و هێربرت و سپنسەر، پاشان بۆ ڕێچکەی ئێستێتیکی و دواجار ڕێبازی هونەر بۆ هونەر.

شێوە بووبووە ڕەگەزێکی گەوهەری لە هونەردا کە ئەوەش تێڕوانینێکی ئایدیالییە و لە جیهانی واقیعی دوور کەوتبووەوە، وێنەی لە سەردەفتەری شتەکاندا دادەنا و شێوە وەک درێژبوونەوەی شوێن دەخەملێنرا کاتێک سنوور و ڕواڵەت و ڕەنگ و جووڵەکان دەبوونە خەسڵەتەکانی، بەڵام لە بنەڕەتدا (شێوە) کە ئەو هەموو مشتومڕ و لێکدانەوەیەی هەڵگرتووە پێدەچێت زیاتر درککردنێکی هەستی بێت، ئاشکرایە کە هەمەچەشنی و شێوەکانی سەرچاوەی بوونی مسۆگەر دەکەن، ئەگەر بوونێکی ڕاستەقینەشی هەبێت لەوەوەیە کە بەشە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی لەلامان بەشە هەستپێکراوەکانن، گردبوونەتەوە تا گشتێک پێکبهێنن، ئەو خەسڵەتانەی هەشیانە ئەگەرچی ناکۆک بن لەگەڵ یەکدا دەبنە گونجاندنێک بۆ نزیکبوونەوەیان و کارکردنیان بۆ یەک مەبەست کە پێکهێنانی شێوەکەیە.

لێرەوە (هیگڵ) جەخت دەکاتەوە کە شێوە ڕەگەزەکانی تابلۆکە ڕێک دەخات و دەیانکاتە یەکێتییەکی گشت کە چوونیەکی و تەبابوون و گونجاندن لەخۆدەگرن، دەکرێت درککردنی ئەوەش (وەک گشت) درککردنی ئێستێتیکی بێت، هەروەها ڕایدەگەیەنێ کە ئەو یەکێتییە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو نییە. ئەگەر شێوە زۆرترین ئەو ڕەگەزانە بێت کە کارێکی هونەری بەلایەوە سەخت بێ و گرفتەکانی سروشتێکی میتافیزیکی لەخۆ بگرێت، ئەوە سەیریش نییە کە شێوە زۆرترین ئەو وشانەش بێ کە لە زمانی هونەردا بە تەمومژاوی مابێتەوە، توانستی شێوە کە چەند ئەرکێکی لە ئەستۆیە لە هونەردا، هەروەها بەو چەشنەش کە سەرچاوەیەکە بۆ بەها جۆراوجۆرەکان، خودی خۆیەتی کە ئەو وتەزایە بکاتەوە بە پێناسە نەکراوێک، ڕەنگە ئەو تەمومژە لە بەرفراوانی کایەی شێوەوە سەری هەڵدابێ، هەمەجۆریش لەو بیروڕا جیاوازانەی لەبارەیەوە کراون، هەندێک دەیخەنە پێشەوەی مەسەلەکان و هەندێکی دیکەش بە ناوەڕۆک و گوزراشتکردنەوە دەیبەستنەوە، بیرمەندانێک وەها دەڕوانن کە شێوە سەردەفتەری کارکردنی هونەرمەندانە و لەپێش ناوەڕۆکەوەیە، بابەتەکەی پلەی ناوەندی هەیە و ئەرکی سەر شانی ئەوەیە لە وێنەیەکی زیندوودا جیهانێکی ڕێکوپێک بخوڵقێنێ.

ئەوانەی وێنە دەکەنەوە سەردەفتەری کاری هونەرمەندان، ڕێکخستنی ماتریاڵەکان دادەنێنەوە بۆ ڕۆڵگێرانێکی گەوهەری لە هونەردا، بەوە بەهایەکی ئێستێتیکی لەبەر چاو دەگرن و لایەنەکانی تر دەکەنە سێبەر، یان بەرەنجام، وێنەی هونەری دیاردەیەکی ئاڵۆزی شێوەیە، دامەزراندنی بەر لە هەر شتێک بۆ وردەکارییەکانی بەرجەستەکردن دەگەڕێتەوە، لە پۆرترێتدا

بەشەکانی ژیانی تاکێکە کە وێنەی دەنەخشێنرێت، بەشەکانی ڕواڵەتی دەرەوەی پۆرترێتەکەیە بە جیهانی چواردەوری و پێوەندی لەگەڵ شتەکاندا، وردەکارییەکانی هونەرمەند کە لەسەریان دەوەستێتەوە دەبنە ئەو بەشانەی لە ژیاندا کەسێتییەکە ڕەنگ پێ دەدەنەوە، ئەمە سەرباری گوزارشت و دەربڕینی هێڵەکانی ڕوخسار و هێڵ و ڕەنگ و پانتایی شێوەکاری کە شێوەی بیرکردنەوە و هەستەکانی دەخەنە ڕوو، هونەرمەند بە هەموو ئەو ڕەگەزانە دەیەوێت بنیادی کارەکەی بخولقێنێ، وەلێ بۆ ئەنجامدانی هەموو ئەوەش کە ڕوانینی خودیی هونەرمەند لەپشتییەوە ئامادەیی هەیە نابێتە دوا بەرهەمهێنانی شێوەی هونەری، چونکە دواجار دیدگای کۆمەڵگەش دەبێتەوە پێودانگی هونەری کە چۆن هونەرمەندەکە بۆ جیهان و بۆ واقیع هەیەتی، واتە جیهانبینی، کەواتە شێوە لە گەوهەردا گوزارشتکردنە لە جیهانبینی.

چۆنێتی کارکردنی هونەرمەند بۆ بەرجەستەکردنی شێوە لەوێوەیە کە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشانیان کردووە، ڕوانینی هونەرمەند بۆ سروشت جیاوازە لە ڕوانینی جووتیارێک بۆ هەمان دیمەن، وەک گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتی کە ڕۆچووەتە ناو هونەر و ئەدەب و شێوەکانییەوە، واتە هەنگاوهەڵهێنان لەگەڵ ئەو ڕیتمانەدا کە ژیان دروستی کردوون و گۆڕانەکان سەرچاوەیانن، وەک گۆڕانی داستانەکان بۆ قەسیدەی درێژ، پاشان بۆ کۆپلەی بچووک و هایکۆ، لەگەڵ پەرەسەندنی شار و ژینگەدا شێوەکانیش گۆڕان بەخۆوە دەبینن، لێرەوە لەو جیهانبینییە نزیک دەبینەوە کە هونەرمەند بە کۆمەڵگەوە پەیوەست دەکاتەوە.

شێوەی هونەری بە گۆڕینی کۆمەڵێک هۆکار و فاکتەر گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەو وێنانەی پێشتر هەبوونە لە سەردەمی نوێدا هەموو خاپووربوون و چەندان وێنە و شێوەی دیکەیان گرتووە، لێرەدا مەبەست لە کارە هونەرییەکان نییە کە چیتر تواناییان نەمابێت و بە مێژوو بووبن، بەڵکو لەو سۆنگەیەوە کە زمانی سەردەم داخوازییەکانی لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدا نۆژەن دەکاتەوە کە بۆ بوون و ژیان هەیەتی. چوونیەکی و ڕێکخستن و گونجاندن و هاوسەنگی کە لەلایەن هونەرمەندەوە پیادە دەکرێن هەموو وەک ڕێبەری جوانی لێکدەدرێنەوە، هەر هەڵە و کەموکورتییەک ئەو هاوسەنگییە لەکیس بدات، کارە هونەرییەکە لە ڕەوتەکەی دووردەخاتەوە و شێوەکانی تێکدەدات، ڕێکخستنی ڕەگەزەکان بەپێی گرنگیدانیان، ئەوە بۆ بینەر و وەرگر ڕوون دەکاتەوە چۆن گرنگییەکانی خۆی دابەش بکات.

(هێربرت مارکۆز) لەسەر بایەخی شێوە وای دەبینێ کە وەلانانی شێوەی ئێستێتیکی وەک پاشەکشەیەکە لە هەستکردن بە لێپرسینەوە، وازهێنانە و هونەر دادەبڕێت لەو شێوەیەی کە واقیعێکی نوێ لەسەر واقیعی باو دەخولقێنێ، شێوەی ئێستێتیکی دەتوانێت واقیعێکی نوێ پێشکەش بکات، مارکۆز پێی وایە هونەرمەند ناتوانێت بەسەر دابڕانی خۆی بە ژیانەوە زاڵ ببێ، مەبەستی لەو دابڕانەیە کە تێیدا هونەرمەند دەربەستی ئەفراندنی واقیعێک دێت کە سەربەستی دەبەخشێتە هونەر، پەیڕەوکردنی سڕینەوەی سەربەخۆبوونی هونەر پلەکانی واقیع لەنێوان ژیان و هونەردا سادە دەکاتەوە، ڕەگەزی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەی هونەر بریتییە لە شێوە، ئەوەش لە ڕەخنەی مارکسیدا جێگەی نابێتەوە، چونکە ئەو ڕەخنەیە دژ بە هەموو ئەو لێکدانەوانەیە کە شێوەی هونەر لایان زۆرینەی پشکی وەبەردەکەوێت و ناوەڕۆکی مێژوویی لێ زەوت دەکەن و دەیکەنە تەنیا گەمەیەکی ئێستێتیکی، لەوێشەوەیە کە ناوەڕۆکی هونەر بە سەردەفتەر دەکات نەک شێوەکان.

هەندێک پێیان وایە کە شێوە لەخۆیدا بەهایەکی ئێستێتیکی هەیە و هاوسەنگیش تەنیا درککردن و بەرجەستەکردنی بەهای هەستکردن و دەربڕینخوازی ناگەیەنێت، بەڵکو لەخۆیدا پرشنگدار و چێژبەخشە و بەڵگەیەکە کاتێک هەست بە ناقایلبوون دەکەین لە بینینی ڕەنگ گەلێک و چەندان پەڵەی ناهاوسەنگ کە فاکتەرێکی ئێستێتیکی ماقووڵ پاڵپشتیان نییە.

(هیگڵ) لای وایە کە دەربڕین و گوزارشتە ناکۆتاکان هەموو وێنەکە خاپوور دەکەن و هەموو ئەو شێوەیەش دەسڕێتەوە کە دەمانەوێت وێنای بکەین، لەکاتێکدا جوانی بەپێچەوانەوە پشت بە ڕەهابوون دەبەستێ و گوزارشتکردنی تەواوی لە بەرجەستەکردنی هەستکردندا دەبینێتەوە، بەو چەشنە هەردوو لایەنەکەش لە ڕێککەوتن و تەبایی و گونجاندا پێکدەگەن، ئەگەر ناوەڕۆک و بابەتی هونەر دەربڕینی ناکۆتا بێت کە ناخرێتە نێو شێوەیەکی هەستپێکراوی دیاریکراوەوە بۆ ئەوەی گوزارشتی لێ بکرێت، ئەوە جوانیی کامڵبوونی لە بەرجەستەبوونیدا دێتە کایەوە وەختێ لەڕێی شێوە و

وێنەوە نمایش دەکرێت.

ئەو پرسیارەی ئێستا پێویستە بکرێت ئەوەیە: ئایا ئەو هەستکردنە، چێژی جوانی هەروا کارێکی ئاسانە سەبارەت بە بینەر و وەرگر؟! چێژی جوانی هەروا کارێکی سانا نییە، پێویستی بە هەڵوەستەیەکی ئێستێتیکی هەیە لەسەر بنەمای وردبوونەوە و رامان و دوورکەوتنەوە لە مەبەست و ئامانج، شێوە سەرباری هەموو شتێک یەکێکە لە لایەنە هەرە تەمومژاوییەکانی کاری هونەری، شێوەخوازانی وەک (کلیف بێڵ) و (رۆجەر فرای) و (هانس لیک) پێیان وایە شێوە درک ناکرێت و چێژ نابەخشێت تەنیا لەسەر مەرجی تایبەتی و زەمینەی تایبەتی نەبێت، ناکرێت وەرگێڕدرێتە سەر وشە و هەر شتێکی تر، لێرەوە خۆشنوودی بەهای فۆرم و شێوە پێویستی بە دیدگا و ڕوانینێکی ئێستێتیکی تایبەتمەند و پسپۆڕانە هەیە، پێویستە وەرگر بتوانێ بەشدار بێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەزموونێکی ئێستێتیکیشی نەبێت، یان بزانێت خاڵە سەرەکییەکانی هونەر خۆیان لەچیدا دەبیننەوە.

هونەر خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆیەتی، ئەو خەسڵەتانەش تەنیا بڕوابوون ناگەیەنێت بە سیستەم و پێوەندییە ناوەکییەکان، هونەر وەک گشتێک بە میلۆدییەکی ویژدانییەوە وابەستەیە، ئەو ئاواز و میلۆدییەش بەرەو یادگاری و یادەوەرییەکان ناگەڕێتەوە یان سروش وەرگرتن لە ئەزموونە ویژدانییەکانی ژیانەوە، بەڵکو هونەر وەک ئەوەیە کە نزیک بووبێتەوە لە بنەڕەت و ئەو بنیادەی ژیانی ویژدانی لەسەر دامەزراوە.

دەشێت شێوە دەربڕین بێت، هەر بۆیە ماناشی هەیە، ئەو واتاو مانایانە لە هەناوی وێنە و فۆرمەکە خۆیدان و ئاماژە بە هیچ شتێکی دەرەوەی خۆیان ناکەن، شێوەی مانادار تێگەیشتنی هەروا ئاسان نەبوو، هەر بۆیە لە کایەی ئێستێتیکادا بێ بایەخ مایەوە. هونەرەکان بەگشتی داهێنانی کاری هونەرین و دەربڕی ویژدانی مرۆیین، کاری هونەری گوزارشت ناگەیەنێت ئەگەر زیندوو و دینامیکی نەبێت، لەسەر بایەخی شێوەش هونەر فۆرم و وێنەیەکە لە بنەڕەتدا، نایەتە بوونەوە تەنیا لەمیانی شێوەدا نەبێت، ئامانج و مەبەستی هونەریش لەبنەڕەتدا ئەفراندنی وێنە و شێوەکانە، وێناکردنە لە سەرەتا و دواییدا، ئەرکی وێنە و شێوەکانیش ئەوەیە گوزارشت بن لە ویژدانی مرۆیی. شێوەی هونەری هەوڵدانێکە بۆ خولقاندنی ژیانێکی بەرجەستە لە هونەردا، هەوڵێکە تا ماتریاڵەکان هەڵگری گوزارشت بن.

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی کاری هونەری هاوسەنگییە، هاوسەنگیش بە ڕەگەزە جیاواز و دژبەیەکەکان یەکسان دەبێتەوە، واتە یەکێتییەکی جوانییە، سەرباری ململانێی ڕەگەزەکان لە هاوسەنگیدا هەریەکەیان پێویستی بەوی دیکەیە، ڕەنگەکان دژ بەیەکتر دەوەستنەوە و دواجار گشتێکی نوێ پێشکەش دەکەن، کێشە و ململانێ لە هاوسەنگی ناترازێن و فاکتەرەکانی جوانی نین، بەڵکو بۆ ئەوەی ڕەگەزەکان بەرانبەر یەکتر بن پێویستە هاوسەنگ بن. ڕێکخستن و هاوسەنگی گرنگترین سیستمی شێوەن، تێیدا ڕەگەزەکان یەکتری تەواودەکەن و یەکتر هاوسەنگ دەکەن، ئەوەش لە ڕووبەڕوو و جیاوازی و دژبەیەکدا ڕوودەدات، یان بە دانانی ڕەگەزە لێک نەچووەکان لەپاڵ یەکدی، بەڵکو تەریک و سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، ئینجا گشتێک بخوڵقێنن کە لەسەر ئەو پێوەرانە دامەزرابن.

داهێنانی هونەری ڕاستەقینە لەسەر ئەفراندنی شێوەی تازە دەوەستێتەوە کە گوزارشت لە ناوەڕۆک و ڕەوشی نوێ بکەن، دەوڵەمەندیی هونەریش ئەوەیە بە پاڵپشتە بنەڕەتییەکان پشت ئەستوور بێت، بەوەش جوانی دەخوڵقێت و جوانیی نوێ دێتە کایەوە.

**سەرچاوە:**

**١- جون ديوي، الفن خبرة، ت: زكريا ابراهيم، القاهرة، ١٩٦٣.**

**٢- هيربرت ريد، التربية عن طريق الفن، ت: عبدالعزيز توفيق جاويد، القاهره، ١٩٩٦.**

**٣- هنرى لوفيڤر، فى علم الجمال، ت: محمد عيتاني، بيروت، ١٩٥٤.**

**٤- جيرۆم ستولنيز، النقد الفني، ت: فؤاد زكريا، القاهرة، ١٩٨٠.**

**٥- هيربرت ريد، معنى الفن، ت: سامي خشبة، القاهرة، ١٩٩٨.**

**٦- ارنست فيشر، ضرورة الفن، ت: اسعد حليم، القاهرة، ١٩٧١.**